# زاراوەی فەلسەفەی پەروەردە و فێرکردن *

د.میر عبدولحسێن نەقیب زادە
لە فارسییەوە: سمکۆ ڕەحیم کوڵەجۆیی
(ئیلام)

دەتوانین لە سێ دیدگاوە لە فەلسەفەی فێرکردن و پەروەردەکردن بڕوانین:

**یەکەم:** وەک ئەنجامە پەروەردەییەکانی ئەندێشەی فەلسەفی و میتافیزیکی.

**دووەم:** وەک شیکردنەوەی زاراوەکان و نەخشە پەروەردەییەکان.

**سێیەم:** وەک سیستمێکی ئەندێشەیی کە دەرئەنجامەکەی خستنە ڕوو و هەڵسەنگاندنی پرسە بنیادییەکانە دەربارەی پەروەردە و ئەو زاراوانەی کە وابەستەی ئەون (پەروەردە) – واتە ڕێگەیەک کە لە ئەفلاتوونەوە دەستی پێ کرد و لەگەڵ فەیلەسووفانی وەک ئەرستۆ و ڕۆسۆ و کانت و دیوی بەردەوام بوو. بەم شێوەیە لە باسکردنی فەلسەفەی فێرکردن و پەروەردەکردنیشدا دەتوانین سێ ڕێگە لە پێش چاو بگرین، ئەوانیش ئەنجامگیری فەلسەفەی فێرکردن و پەروەردەکردنە لە فێرگە فەلسەفییەکاندا، شیکردنەوەی عەقڵانی زاراوەکان و ئەو باسانەی کە فەیلەسووفان، یان پەروەردەکاران باسیان لێوە کردووە، سەرەنجام باسکردنی ئەو فەیلەسووفانەی کە تێڕوانینیان لە بارەی فەلسەفەی فێرکردن و پەروەردەکردن خستووەتە ڕوو، یان پەروەردەکارانێک کە لە دیدێکی قووڵی فەلسەفییەوە لە فێرکردن و پەروەردەکردنیان ڕوانیوە، دواتر بەهرەگیری لەو دەستکەوتانەی ئەوان لە وەڵامی ئەو پرسیارانەی کە لەم ڕووەوە خراونەتە ڕوو، ئەم بابەتە هەوڵێکە لە پێناو لێکۆڵینەوە لەم سێ تێڕوانینە، هەڵسەنگاندنی ئەم سێ ڕێگەیەش هەنگاوێکە بۆ ڕوونکردنەوەی زاراوەی «فەلسەفەی فێرکردن و پەروەردەکردن».

لە دیدگای یەکەمەوە، فەلسەفە پێش هەموو شتێک

سیستمێکه له کۆمەڵێک ئەندێشە دەربارەی خودی واقیع و بەهاکان پێکهاتووە، هەرچی فەلسەفەی فێرکردن و پەروەردەکردنە، کارکردی (ڕادەی کاری ئەنجامدراو) ئەو ئەندێشانەیە لە بواری فێرکردن و پەروەردەکردندا، لەم ڕوانگەیەوە ئەوەی کە هەر سیستمێکی فەلسەفی وەک سیستمێک لە ئەندێشەی هزرمەندانە بریتییە لە بنیادی ئەنجامە بێ کۆتاکان، تەنانەت لە ئەندێشەی ئەو فەیلەسووفانەش کە باسیان لە پەروەردە نەکردووە، دەتوانین ئەنجامگەلی پەروەدەیی بدۆزینەوە. میتودێک کە لەم دیدگایەوە دەچێتە سەر باسی فەلسەفەی فێرکردن و پەروەردەکردن، بە تایبەت پشت بە دوو پێشبینی دەبەستێت.

**یەکەم:** ئەوەیە کە ئەندێشەی هەموو فەیلەسووفان دەتوانرێت بە جۆرێکی دیاریکراو لە سیستەمە فەلسەفییەکاندا جێگە بکرێن و بەم شێوەیە لە ژێر ناوەکانی وەک: ناتوریالیزم، ئایدیالیزم و ڕیالیزم کۆبکرێنەوە.

**دووەم:** ئەوەیە لە نێوان ئەندێشە فەلسەفییەکان و تیوره پەروەردەییەکاندا پێوەندی پێویست و زۆری عەقڵانی دەدۆزرێتەوە، بۆیە بەهێنانی ناوی فەیلەسووفێک لە ژێر ناوی سیستمێکی فەلسەفیدا، دەتوانرێت باسی ئەنجامگیری تیوره پەروەردەییەکانیشی بکرێت، بەڵام لەلایەکەوە هەموو فەیلەسووفان پشتیان بە بەرپاکردنی سیستەمە فەلسەفییەکان، تەنانەت زۆر لایەنی ئەوان نەبەستووە، ئەو سیستمانەیان بە نارەوا بینیوە، لەلایەکی ترەوە بەو شێوەیەش نییە کە بتوانرێت هەموو ئەندێشەکانی فەیلەسووفان بەشێوەیەکی ورد لە سیستمێکی دیاریکراودا کۆبکرێنەوە. بابەتێکی تر ئەوەیە کە فەلسەفەی فێرکردن و پەروەردەکردن لەگەڵ ئەو پرسانەدا، بە زۆری لە سەروکاردان کە تایبەتن بە خۆیەوە، ئەمەش ئەو پرسانەیە کە لە ئەندێشەی گشتی و میتافیزیکییەکان و بوون (وجود) ناسییەوە سەرچاوە دەگرن. لەم ڕووەوەیە کە بە زۆری دەبینرێت ئەو فەیلەسووفانەی کە لە زەمینەی ئەندێشە میتافیزیکییەکاندا، تەنانەت کە دژی یەکتربشن، لە زۆربەی ئەندێشەکانی پەروەردەدا لە یەکترییەوە نزیک دەبنەوە تا ئەو جێگەیەی کە دەتوانین بڵێین ئەو جیاوازیانەی کە لە فێرکردن و پەروەردەکردندا دروست دەبن، بە هیچ جۆرێک بە ئەندازەی جیاوازییەکانی



سپینۆزا

میتافیزیک نییە - کە هەمان مەیدانی بێ کۆتایی مشتومڕەکانە -. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتانە، دەڕوانینە یەکێک لە نموونە دیارەکانی بەکار بردووی ئەم میتوده و پێشبینییەکانی - چوار فەلسەفە و بەکارهێنانی لە فێرکردن و پەروەردەکردن و ئایین - لە نووسینی دۆناڵد باتلر. نووسەر لەم کتێبەیدا دوای ئاماژەدانی بە نوێنەرانی ناتۆریالیزم، ئایدیالیزم، ڕیالیزم و پراگماتیزم، ڕوو لە باسکردنی چوار لایەنی میتافیزیک، زانستناسی، لۆژیک و بەهاناسی دەکات و دواتر دەربارەی بەکارهێنانی ئەم ئەندێشانە لە فێرکردن و پەروەردەکردندا قسە دەکات و بەراوردیان دەکات. لە بەشی یەکەمدا، دوای باسکردنی ناتۆریالیزم (سروشتگەرایی)ی تۆماس هۆبز، ژان ژاک ڕۆسۆ و هربرت سپنسەر کە وەک نوێنەرانی ئەم ڕێبازە پێناسەیان دەکات. لە بەشی دووەمدا ئەفلاتوون، دیکارت، سپینۆزا، لایب نیتس، برکلی، کانت و هیگڵ وەک نوێنەرانی ئایدیالیزم ناوی بردوون و دواتر لە بارەی ئایدیالیزمی هاوچەرخەوە لە ئینگلیز و ئەمریکا قسە دەکات. لە بەشی سێیەمدا دەچێتە سەر باسی ئایدیالیزم و ئەرستۆ، تۆماس ئاکویناس، کۆمنیوس، دیکارت، سپینۆزا، لاکان، کانت، هێربارت، ویلیام جیمز، نیوریالیستەکان و ڕیالستە ڕەخنەییەکانی وەک نوێنەرانی ئەم تیوره ناساندووە. لە بەشی چوارەمیشدا لە پاش

ئاماژەدان بە ڕەگوڕیشەی مێژووی پراگماتیزم، فرانس بیکۆن و ئوگوست کۆنتی وەک پێشەوایانی ئەم ڕێبازە ناو دەبات و دواتر دێتە سەر باسکردنی نەریتی فەلسەفەی پراگماتیزم لە ئەمریکا و قسە لەسەر پیرس، جیمز و دیوی دەکات، بەڵام بە تێپەڕبوون لەوەی کە پراگماتیزم و ڕیالیزم، ڕێبازێکی فەلسەفی نین، چونکە پراگماتیزم جۆرێکە لە میتود و تێڕوانینی فەلسەفی و ڕیالیزمیش پێش هەموو شتێک تیورێکی زانست ناسانەیە، بە زۆری – ئەوەشی دەربارەی ئایدیالیزم و ناتۆریالیزم دەوترێت، ورد و باوەڕپێکراو نین. ئەو قسانەی کە دەربارەی ئایدیالیزم – کە خودی نووسەریش یەکێکە لە پەیڕەوانی – دەوترێن لەو ڕووەوە ورد نین، تەنانەت گومڕاکەرە کە بەکار هێنانی ئەم واژانە بێ ورد بوونەوە لە زەمینە و دیاردە دیاری کراوەکان، نا دروستە، چونکە لەلایەکەوە ئەم زاراوەیە هەم بۆ «ئەندێشە» دەگەڕێتەوە و هەم بۆ «باوی دڵ، دڵگیر» دەگەڕێتەوە، لەلایەکی ترەوە خودی زاراوەی ئەندێشە بە زۆری بۆ فەیلەسووفانی جۆراوجۆر کۆمەڵێک جیاوازی بنیادی هەیە. لەم ڕووەوە ناوهێنانی فەیلەسووفانی وەک ئەفلاتوون و دیکارت و سپینۆزا و لایب نیس و برکلی و کانت و هیگڵ لە ژێر ناونیشانی «ئایدیالیزم» خوێنەرانی نائاشنا بە ئەندێشەی ئەم فەیلەسووفانە – کە جیاوازیان زۆر و بنیادییە – بە زۆری بەرەو گومڕایی دەبات، بە تایبەتی ئەوەی کە خودی نووسەر لە بەشێکی تری هەمان کتێبیدا، زۆربەی فەیلەسووفانی لە ژێر ناوی «ڕیالیزم» کۆکردووەتەوە. یەکێک لەو بابەتانەی کە پێویستە هەمیشە لەبەرچاومان بێت، ئەوەیە کە ئایدیالیزم لە ڕوانگەی میتافیزیک و زانستناسییەوە، جیاوازە. لەبەرچاوگرتنی ئەم جیاوازییە، بە تایبەتی لە سەدەی نۆزدە بە دواوە – لە پێش هەمووانەوە لە لایەن نووسەرانی مارکسیزمەوە – نەک تەنیا زۆر ناڕوونی کردووە، بەڵکو بە زۆری ئەنجامگەلی نادروست و هەندێک جار سەفسەتە (شاش و وێش) بە ئەنجام گەیشتووە. لە دیدگای زانستناسییەوە، ئایدیالیزم هاوسەنگی ڕیالیزمە. ڕیالیزم (واقیعگەرایی)، بۆ ناسینی بابەتی واقیعی و سەربەخۆ، ڕێگە بە ئەندێشە و هەست دەدات، بە هەمانشێوە ئایدیالیزم، هەم بوون و هەم چۆنیەتی ناسینی بابەت بۆ هەستەکان و درک پێکردن دەگەڕێنێتەوە، لەم دیدگایەوە ئایدیالیزم لەگەڵ ئیسقۆف جۆرج برکلی دا دەست پێ دەکات، بەڵام لە ڕوانگەی میتافیزیکییەوە، ئایدیالیزم، یان ئەوەیە کە پرەنسیپ و سەرچاوەی بوون بە ئەندێشە، واتە بە خودێکی مەعنەوی، یان بە گیان دەزانێت و هەموو قۆناغەکانی بوون بە قۆناغی گەشەکردنی ئەو سەرچاوەیە بەبێ هاوتا دەبینێت، یان تیورێکە بۆ ئەندێشە، گیان و خودی مەعنەوی، بە بەهایەکی بنیادی دەزانێت، هەروەها لە جیهانی بوونی پێشکەوتوو بە سەر مادده، یان ئافەرێنەری ماددەی دەزانێت.

بەم شێوەیە لە واتای یەکەمدا ژمارەیەکی کەم لە فەیلەسووفان دەتوانین بە ئایدیالیزم بژمێرین و هاوشانی برکلی بن. لە واتای دووەمدا ئەو فەیلەسووفانەی کە بنیادی بوون بە خودا، یان خودی مەعنەوی دەزانن و هەموو حاڵەتی دروست کردنێکی داهاتوو بە دیاردەی ئەو خودە بێ هاوتایە دەزانن – واتە ئەو فەیلەسووفانەی کە دیدێکی یەک گەوهەری (یەکێتی بوون، وحدة الوجود) و عیرفانیان هەیە – ئایدیالیستن، بۆیە فەیلەسووفانی وەک پلوتینوس، سوهرەوەردی، مەلا سەدرا، سپینۆزا، هەروەها فیشتە، شلینگ، هیگڵ و برادلی لە ڕیزی ئایدیالیزمدا دێن. لە واتای سێیەمیشدا پێویستە هەموو فەیلەسووفانی خوداناس، واتە زۆربەی فەیلەسووفان – لە فەیلەسووفانی کۆنەوە بیگرە تا فەیلەسووفانی سەردەمی نوێ – بە ئایدیالیزم ناو نران. لە واتای بەربڵاوترەوە – واتە لەو جێگەیەی کە ئایدیالیزم، بە تەواوی هاوشانی ماتریالیزم دادەنرێت – زۆربەی فەیلەسووفان – لە فەیلەسووفانی خوداناسەوە بیگرە تا فەیلەسووفانی خودانەناس کە ماتریالیزم نین – دەبێت بە ئایدیالیزم بژمێردرێن.

ئێستا بە خوێندنەوەیەکی خێرای ئەم پێشەکییە، ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە بۆ نموونە لە هیچ حاڵەتێکدا ناتوانرێت ئەفلاتوون و ئەرستۆ وەک ئایدیالیست و نا ئایدیالیست ڕووبەڕووی یەکتر دابنێین، چونکە لە واتای یەکەمدا هیچ یەکێک لەم دوو فەیلەسووفە ئایدیالیست نین. (بە پێی ئەم واتایە، ئەفلاتوون لە دوو ڕووەوە ڕیالیستە، چونکە هەم لە پێناو دنیای جەستەیی واقیعی سەربەخۆ لە ئەندێشە و هەست قبووڵ دەکات و هەم بۆ بیرۆکەکانیش) لە واتاکانی تردا دەبێت هەم ئەفلاتوون و هەم ئەرستۆ بە ئایدیالیست بزانین، هەروەها بە تێڕوانینمان بە بەربڵاوترین واتای ئایدیالیزم، زۆربەی ئەو کەسانەی کە

ناوی باتلر لە ڕیزی ئایدیالستەکان، ناتوریالیزمەکان و پراگماتیزمەکان دەهێنێت - لەو نێوەندەدا کەسانی وەک قەدیس تۆمای ئاکوینی، کۆمنیوس، لاکان، ڕۆسۆ، هربارت، جیمز، دیوی، ڕاسڵ و وایتهد - دەبێت بە ئایدیالیست بژمێردرێن. بە تێڕوانین بەوەی کە بە کورتترین شێوە ئاماژەی پێ درا، جێی سەرسوڕمان نییە ئەگەر ببینرێت کە سەرەڕای هەموو هەوڵێکی نووسەری کتێبەکە لە پێناو جیاوازی کردنی ئەندێشە پەروەردەییەکانی فەیلەسووفانی هەر قوتابخانەیەک لە قوتابخانەکانی تر، بەڵام ئەنجامی ورد و دروست بە دەستەوە نادات، واتە زۆر لە ئەندێشە پەروەردەییەکان کە وەک نوێنەری قوتابخانەیەکی فەلسەفی دەبینرێت، لەلایەکەوە بە هیچ جۆرێ تایبەت بەو قوتابخانەیەوە نییە، بەڵکو هەمان ئەو ئەندێشانەی کە بە زۆری لێرە جەختیان لەسەر دەکرێتەوە، لە قوتابخانەکانی تردا هەم بوونیان هەیە و لەلایەکی ترەوە زۆر لەو ئەندێشانە، لەو هەموانە نوێنەرانی ئەو قوتابخانەیە نین. بۆ نموونە بە سەرنجدان بە پەروەردەی جەستەیی و سەرەتا بینینی ئەوەی کە نووسەر ئەوە بە بەشێک لە نوێنەرانی سروشتگەرایی، یان ناتۆریالیزمی دەزانێت، هەر بە هۆی هەمان قسەکردن و جەختکردنەوەیە لە ئەندێشەی ئەفلاتوون - کە خودی نووسەر ئەو بە باوکی ئایدیالیزم ناو دەبات -، هێشتاش قسەکردن لەسەر گۆڕانی سروشتی، کۆکردنەوەی زانست، پەروەردەی ئەندێشە و هەماهەنگی نێوان جەستە و دەروون، هیچ یەکێکیان بە هیچ شێوەیەک تایبەت نین بە فەلسەفەی پەروەردەی سروشتگەرایانەوە، یان ئەم گوتەیەی هورن وەک یەکێک لە نوێنەرانی ئایدیالیزم کە دەڵێت: «کەسایەتی خراپ، لە لەدایکبوونەوە سەرچاوە ناگرێت، بەڵکو دروستکراوی پەروەردەیە» ئەوەی کە «بۆ ئایدیالیزم، پەروەردەی ڕاستەقینە کە هەمان پەروەردەکردنی کەسایەتییە» کۆمەڵە بابەتێکن کە زۆرێک لە نوێنەرانی فەلسەفەکانی تریش ئەوەیان قبووڵ کردووە و کەسانی وەک هێربرت و ڕاسڵ - کەبە نوێنەرانی ڕیالیزم دەژمێردرێن - زۆر جەختیان لەسەر ئەم بابەتە کردووەتەوە. بەم شێوەیە جەخت کردنەوە لەسەر ئەوەی کە پەروەردەکار دۆستی فێرخواز بێت و هانی ئارەزووەکانی فێربوونی بدات، هەروەها جەخت کردنەوە لەسەر خودکاری فێرخواز(self-activity) ، بە هیچ جۆرێک بابەت گەلێک نین کە تایبەت بن بە ئایدیالیزمەوە، بەڵکو کەسانی وەک ڕۆسۆ و دیوی - کە یەکەمین سروشتگەرا و ئەوی تر پراگماتیزمە - چەندان جار جەختیان لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە پێویست بە دووبارە کردنەوە ناکات. نموونەیەکی تری ئەم وتەیەی هورن کە دەڵێت: «هەموو بابەتە وانەییەکان پێویستە وەک ئامرازێک بن لە پێناو کامڵ بوونی ژیان لە ڕێگەی تێگەیشتنی دروستی ژیانەوە و زانیاریش پێویستە بە شێوەیەکی زانستی بخرێتە ڕوو» لێرەدا کۆمەڵێک بابەت هەن کە هەم لە ئەندێشەی دیوی دا دەبینرێن و هەم لە ئەندێشەکانی ڕۆسۆ و سپنسەر و وایتهد دا. وایتهد دەڵێت: «لە پەروەردەدا تەنیا یەک بابەت بە دروستی دەگەیەنیرێت کە ئەویش ژیانە، ژیان بە هەموو دیاردەکانییەوە»، بەم شێوەیە لەو جێگەیەی کە لە بارەی ئەزموونی ڕاستەوخۆوە دەڵێت: بۆ ئایدیالیزمەکان درک کردن جۆرێکە لە دووبارە ئەفراندن، هەروەها بابەتێک دەخاتە ڕوو کە لە ئەندێشەی دیوی دا لە شێوەی دووبارە سازکردنەوە و سازکردنەوەی ئەزموون و لە ئەندێشەی ڕۆسۆ بە شێوەی دۆزینەوەی تازە جەختی لەسەر کراوەتەوە.

هەمان ئەزموونی ڕاستەوخۆیە کە وایتهد پێی وایە زانستی دەستەی یەکەمە و بە بنیادی ژیانی بیرمەندانەی دەزانێت و جیاوازی نەکردنی فێرخوازان بە هۆی بێ بەهرەبوون لەم جۆرە زانستە دەزانێت. لەلایەکی ترەوە لەو جێگەیەی کە باتلر لە هەژماردنی تایبەتمەندییەکانی پەروەردەی ئایدیالیزمی لە ڕۆڵی پەروەردەکار لە بنیادنانی دیموکراسیدا قسە دەکات، قسەکەی بە هیچ جۆرێک ورد و پوخت نییە، چونکە لەلایەک دیوی کە بۆ خۆی فەیلەسووفێکی پراگماتیزمە نەک ئایدیالیزم، زۆرترین جەخت کردنەوەی لەسەر دیموکراسی و ڕۆڵی فێرکردن و پەروەردەکردنە لە سەرهەڵدانی دیموکراسی، لەلایەکی ترەوە ئایدیالیزمانی وەک فیشتە و هیگڵ و جنتیلە، نەک تەنیا جەخت لە دیموکراسی ناکەنەوە، بەڵکو دیموکراسیش قبووڵ ناکەن. جنتیلە کە نووسەر وەک یەکێک لە نوێنەرانی ئایدیالیزم لە بواری فێرکردن و پەروەردەکردندا دەیناسێنێت، وەزیری فەرهەنگی دەوڵەتی فاشیستی ئیتاڵیا بوو، لە نامەیەکیدا بۆ مۆسۆلینی زیاتر لە ئازادیخوازان (لیبراڵ) ئازادیخواز باسی مۆسۆلۆنی دەکات، لە کاتێکدا یەکێک بوو لە داهێنەرانی ناسراوترین ڕژێمە تۆتالیتارەکان بەم شێوەیە دادوەری

کردنی ئەو دەربارەی ڕیالیزم و ئەم وتەیەی ئەو کە دەڵێت: «فێرکردن و پەروەردەکردن لە ڕووسیای شۆرەویدا لەو ڕوانگەیەوە کە هۆکاری جۆراوجۆر لە پێناو شێوەدان بە کوڕان و کچان و بارهێنانیان بەو شێوەیەی کە مامۆستایان دەیانەوێت، بەکار دەبرێت، ڕیالیستە»، ئەمەش ورد و دروست نییە، چونکە ئەو جۆرە فێرکردن و پەروەردەکردنە کە هەمیشە لە کۆمەڵگە تۆتالیتارەکاندا بە کار دەبرێت، ئەگەرچی لەگەڵ ئەندێشە ئایدیالیستەکانی وەک فیشتە و جنتیلەر، تەنانەت هیگلیشدا کە حکوومەت بە واقیعیەتی ئاکاری (اخلاقی) دەزانن بەباشی گونجاوە، بەڵام بە هیچ جۆرێک لەگەڵ ئەندێشەی فەیلەسووفانی وەک ڕاسڵ و وایتهد - کە بە نوێنەرانی ڕیالیزمی دێنە ئەژمار گونجاو و سازگار نییە، بەڵام بە تێپەڕ بوون لە زاراوەی لێڵ و ناوردی وەک ئایدیالیزم کە تارماییەکی (شەبەنگ) بەربڵاوی هەیە، تەنانەت ناوە کەم، یان زۆر وردەکانی وەک پراگماتیزمیش کە ژمارەیەکی کەمی فەیلەسووفان لە خۆ دەگرێت، ئێمە لە ناسینی خودی ئەوان بێ نیاز ناکات. لەم ڕووەوەیە کە سەرەڕای ئەوەی فەیلەسووفانی وەک پیرس، جیمز و واتە لە ژێر ناوی پراگماتیزم کۆدەکەینەوە، بەڵام ئاشنابوونی زیاترمان بۆ خودی ئەم فەیلەسووفانە جیاوازی زۆر گرنگ کە لەگەڵ یەکتردا هەیانە، بۆمان ئاشکرا دەبێت. بۆ نموونە سەرنجدانی تایبەتی جیمز بۆ ئایین و میتافیزیک و سەرنج نەدانی واتاداری دیوی واتە پێوەندیدار بەوانەوە، یان بەکاربردنی پراگماتیزم لە بارەی واتاوە لەلایەن پیرس و بەکار هێنانی لە حەقیقەتی ئەندێشەکاندا لەلایەن جیمز و (واتە)یەوە «بە سەرنجدان بەم جیاوازیانە بوو کە دوای پەیداکردنی ناوبانگی پراگماتیزم لەسەر دەستی ویلیام جیمز و پیرس ئەندێشەکەی خۆی ناونا پراکماتیکیزم (pragmaticism) بۆ ئەوەی جیاواز بێت لە پراکماتیزم (pragmatism)»، هەمان بابەت بۆ ئەگزیستانسیالیزم - کە ئەویش ژمارەیەکی کەمی فەیلەسووفان لە خۆ دەگرێت - دروستە، تەنانەت گرنگییەکەشی زیاترە. لەم ڕووەوەیە کە پێش ناسینی تەواوی ئەو فەیلەسووفانەی کە بەم ناوەوە ناو نراون، بە هیچ شێوەیەک ناتوانین لە بارەی ئەندێشەکانیان - و لەو نێوەندەدا دەربارەی ئەندێشە پەروەردەییەکانیان - داوەری بکەین، بۆ نموونە جیاوازی کردنی ئەندێشە و کەسایەتی دوو فەیلەسووفی ئەڵمانی هاوسەردەمی وەک مارتن هایدگەر و کارل یاسپرس، کە هەردووکیان لە ژێر ناوی ئەگزیستانسیالیست ئایین تا ئەو جێگەیەیە کە یەکەم (واتا هایدگەر) نەک تەنیا لە پشتگیری کردنی ناسیونال سوسیالیزم و هاوکاری کردنی ترسناکترین ڕژێمی تۆتالیتار خۆی بە دوور ناگرێت، بەڵکو لەو ڕێگەیەدا تا ئەو جێگەیە دەڕواتە پێشەوە بەوەی کە داوا لە لاوانی ئەڵمانیا دەکات لەگەڵ ئەندێشەی پێشەواکەیاندا ڕۆبچن و گوێڕایەڵی تەواویشی بن. هەرچی ئەوی تریشە (واتا یاسپرس) نەک تەنیا خانەنشین کردن بۆ مامۆستایەکی زانکۆیی کە بووە بە ئامێرێکی سیاسی پڕوپاگەندەیی، بە باش دەزانێت، بەڵکو هەموو هەوڵی خۆی لە ڕێگەی ڕوونکردنەوەی بەهای مرۆڤ، هزر و ئازادی ئەودا دەخاتە کار و لە گەیاندنی بەهای هزر تا ئەو جێگەیە دەڕوات کە دەڵێت: تەنانەت سەرچاوەی توانایی لە بوونی ڕەسەنی مرۆڤایەتیشدا ئەگەر نەبێتە هۆی ڕووناکبوونەوەی هزر، ئەوە بە زۆری ئەنجامەکەی بە تاریکی و دەمارگیری و وێرانکاریی بە کۆتا دێت. بەم شێوەیە بە سەیرکردنی ئەوەی کە باسمان کرد، بۆمان ڕوون دەبێتەوە، شێوازی یەکەم واتە هێنانی ئەندێشەی فەیلەسووفان لە ژێر ناوە گشتییەکان و دادوەری کردنی تیورە پەروەردەییەکانیان لە ژێر تیشکی ئەو ناوانەدا، ئەوە نە ورد و نە سوودمەندە و بە زۆریش نا دروستە، بەڵام ئەگەر لەم میتودەدا تەنیا لەسەر بنیادی ئەندێشە گشتییەکان و ڕژێمە فەلسەفییەکان کە باس لە دەرەنجامی تیورە پەروەردەییەکان دەکات، لە میتودی دووەمدا کە چالاکی فەلسەفە تەنیا بە لێکۆڵینەوە دەزانێت،مەیدانی فەلسەفە هەندێک جار وەها بەرتەسک دەکاتەوە، دەبێتە ڕێگر لە بەردەم باسکردنی هەر تێڕوانین و تیورێکدا، جووڵانەوەی (ڕێنسانس)ی شیکاری کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەم لە ڕەوتی گۆڕانی مێژووی فەلسەفە دا گرنگی پەیدا کرد، ڕووداوێک بوو کە پێش هەموو شتێک لە پێناو ڕوو بەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕژێمە فەلسەفییە بەرز فرەکاندا، بە تایبەت ئایدیالیزمی هیگلی سەری هەڵدا. ئەم جووڵانەوەیە کە (مۆر و برتراند ڕاسڵ) لە پێشەوایانی بوون، بە تێپەڕ بوونی کات نوێنەری جۆراوجۆری پەیدا کرد و بە شێوەی جۆراوجۆر دەرکەوت، لەوانەش ئەزموونگەرایی مەنتیقی، پوزیتیڤیزمی مەنتیقی، فەلسەفەی شیکاری مەنتیقی و

فەلسەفەی شیکاری زمان. زۆر لە نوێنەرانی ئەم بزووتنەوەیە کە زەینین (دقت)، یان تەنیا بە هۆی ئەو زانستە ئەزموونیانە، یان پێشنیارە مەنتیقی و بیرکارییەکانیان دەزانی، لەو بڕوایەدابوون کە باسە وردەکان، یان پێشنیارە ئەزموونییەکانن کە خاوەنی بابەتی واقیعین، یان خستنەڕووی مەنتیقی و بیرکارییە کە سەرەنجام بە هەمان شێوەی - دووپاتکردنەوەی بێ مانا tautology دەگەڕێنەوە.

فەلسەفەی بابەتی لە واقیعدا بوونی نییە لەم ڕووەوە کاری فەیلەسووف لەلایەکەوە شیکردنەوەی زاراوەکانە و لەلایەکی ترەوە لێکۆڵینەوەیە لە وتە جۆراوجۆرەکان و جیاکردنەوەی پێشنیارەکانە لە بەشەکانی تری قسە و نیشاندانی مانادار‌بوون، یان بێ مانابوونی ئەو پێشنیارانەیە. ئەمانە کە بە گومان و نکوڵی کردنەوە لە هەر جۆرە تیور و سیستمسازییەکیان دەڕوانی، لە بەربڵاو بوونی مەیدانی فەلسەفەیان هەمیشە کەم دەکردەوە و تا ئەو جێگەیەی کە نەک تەنیا بەشەکانی وەک: بووناسی، زانستناسییان دەخستە لاوە، بەڵکو تەنانەت فەلسەفەی ڕەوشتیش لەگەڵ ئەو هەموو بایەخەی کە بۆ مرۆڤ و ژیان و پەروەردەی مرۆڤ هەیبوو، تەنیا لە سنووری لێکۆڵینەوەی چۆنیەتی داواکاریکردنە ئاکارییەکاندا سنوورداریان کرد و گەیشتنە ئەو دەرئەنجامەی کە وتە ئاکارییەکان بە زۆری جگە لە حاڵەتە دەربڕینییەکان، هیچی تر نین، لەم حاڵەتەدا ئەوانە ناتوانین بە خاوەن واتای ورد و تەواو بژمێرین، بەم شێوەیە بە پێشنیار ناو برا. (چونکە پێشنیار ئەو وتەیەیە کە لە بارەی دروستی و نادروستییەوە بتوانرێت قسە بکرێت). هەندێکی تر لەسەر ئەو بابەتە جەختیان کردووەتەوە کە مامەڵەی ئاکار لەگەڵ (دەبێت)ەکاندایە و تێپەڕبوونە لە (هەیە،هەبوون)، یان (وەهایە). - واتە ئەوەی دەربارەی واقیعییە - لەگەڵ (دەبێت) کە لە دەرەوەی بازنەی واقعییەتدایە - مەنتیقی نییە، واتە بە جۆرێکی مەنتیقی ناتوانرێت لە پێشنیاری جۆری یەکەمەوە بگەینە پێشنیاری جۆری دووەم (بە تێپەڕین لەوەی کە بە پێشنیاری دووەم ناوی دەبەین، بەزۆری بە واتایەکی ورد، پێشنیار نین». بەم شێوەیە لە زەمینەی هاوشێوەی فەلسەفەی مێژوو، فەلسەفەی سیاسەت، فەلسەفەی فێربوون و پەروەردەکردنیش کاری فەیلەسووف نەک باسکردنی تیور، بەڵکو بریتیبوو لە لێکۆڵینەوە و ڕوونکردنەوەی زاراوەکان و پێشنیار و ئەو گوتانەی کە لەم بارەیەوە گوتراون، ئەو زاراوە و پێشنیارانەی کە خودی فەیلەسووفان دایان نەدەهێنا، بەڵکو هەمیشە وەریان دەگرت. لەم ڕووەوە ئەوەشی کە بە فەلسەفەی فێرکردن و پەروەردەکردنیش ناو دەبرێت لە هەڵسەنگاندنی گوتە و کۆمەڵێک پێشنیاردا سنووردار دەبێت کە لە سەرچاوەکانی ترەوە سەریان هەڵداوە. ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە لە فەلسەفەی فێرکردن و پەروەردەکردن، پەسەندکراوترە بۆ ئەو مامۆستایانەی کە لە فەلسەفەی فێرکردن و پەروەردەکردن، بەتایبەت لە واتای یەکەمیدا بە سەختی نائومێدن. ئەمانە لەو بڕوایەدان کە فێرکردن و پەروەردەکردن ناتوانێت و نابێت لەسەر بنیادی سیستمە فەلسەفەییەکان - کە بۆخۆیان گیرۆدەی مشتومڕێکی بێ کۆتان - جێگیر بکرێن. بە بڕوای ئەمانە فەلسەفە پەیوەستی بارودۆخە کەسایەتی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانە و لەم ڕووەوە زیاتر لەوەی گیرۆدەی ڕێژەیی بوون و بەربڵاوییە کە بتوانێت بە بنیادێکی دڵنیایی بژمێردرێت. «جێگیربوونی کاری فێرگە لەسەر بنەمای یەک ڕژێمی فەلسەفی بە هەمان ڕێژەی جێگیر بوونی دیموکراسی لەسەر بیروباوەڕی تایبەتی یەک گرووپی مەزهەبی ناتەبایە»، لەم ڕووەوە باشتر وایە فێرکردن و پەروەردەکردن بە شێوەی بابەتێکی سەربەخۆ و سیستمێکی خودی - بنیاد بنرێت، بەڵام ئەوەی لەم بارەیەوە دەتوانین بە کورتترین شێوە بیخەینە ڕوو ئەوەیە کە سنووردارکردنی چالاکی فەلسەفە لە چوارچێوەی شیکردنەوەی زاراوەکان و پێشنیارەکان کارێکی ناڕەوایە، چونکە سەرەڕای ئەوەی شیکردنەوە یەکێکە لە گرنگترین لایەنەکانی فەلسەفە، تەنانەت بە هەنگاوی یەکەمی ئەندێشەی فەلسەفەش دادەنرێت، بەڵام چالاکی فەیلەسووف بە هیچ جۆرێک لەو چوارچێوەیەدا سنووردار نابێت.

بابەتێکی تر ئەوەیە پێشنیارە ئەزموونی، زانستی، ئەندازەیی و مەنتیقییەکان، سەرەڕای هەموو ئەو بایەخانەی کە هەیانە، بەڵام ناتوانن تەنیا بە بەشێک لە پێشنیاری مانادار بژمێردرێن، چونکە بازنەی ئەندێشە و فەرهەنگ و ژیان زۆر بەربڵاوترە لەوەی کە لە سنوورێکی بچووکی وەهادا سنووردار بکرێت. لەم بارەیەوە تەنانەت پێویستە بڵێین کە پێشکەوتووترین لایەنی ژیانی ئادەمیزاد، واتە فەرهەنگی مرۆیی پێش هەموو شتێک

بریتییە لە قەڵەمڕەوی بەهاکان، بەهاکان کە لە دەرەوەی بازنەی زانست و چوارچێوەی مەنتیقن بە زۆری بە چەقی ژیان و پەروەردەی مرۆیی - کە لە پێشکەوتووترین واتە هەمان ڕووکردنە لە بەهاکان - دەژمێردرێن.

بابەتێکی تر ئەوەیە کە ئەم لە دەرەوە بوونە لە بازنەی زانست و مەنتیقە نابێت هەمیشە بە گەوجانە بوون لێی بڕوانرێت، چونکە مەنتیق - لەگەڵ ئەو هەموو بایەخەی کە هەیەتی - جگە لە یەکێک لە لایەنەکانی کارپێکرد و سوودی هزر، شتێکی تر نییە. بە جۆرێکی تر، نابێت وا بڕوانینە«مەنتیق» بە تەواوی هاوسەنگی «بیرمەندان»ـەیە. لەم ڕووەوە سەرەڕای تێپەڕ بوون لە «هەیە»وە بۆ «دەبێت» و لە واقعییەوە بۆ دروشم، لە چوارچێوەی سنوورداری بەڵگەی مەنتیقیدا ڕەوا نییە، هەرچەندە لە سەرەتاوە هەمان هزر بوو کە ئەم جیاوازییەی دروست کرد، بەڵام هەمیشە ئەوە (هزر)ـە کە دەتوانێت جارێکی تر ئەوانە پێکەوە پێوەند بکات، خاڵی بنیادی ئەوەیە کە بە دروستی هەمان پێکەوە پەیوەست بوون مەرجی پێویستی کارابوونی هزرە، چونکە ئەگەر جگە لەمە بێت، ئەوە هزر چۆن دەتوانێت لەلایەکەوە ڕێنیشاندەری ژیان بێت و لەلایەکی ترەوە لە ئەزموونە جۆراوجۆرەکانەوە پەند وەربگرێت و دیسانەوە بە ڕوانینی بەهاکان و دروشمەکان هەستێتەوە و خۆی لەم ڕێڕەوەدا کامڵ بکات؟ بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین ڕێگەی نێوان «هەیە، هەبوون» و«دەبێت»، واقعییەت و دروشم، تیور و پراکتیک، ڕێگایەکە دوولایەنە. واقعییەت و ئەو ئەزموونانەی کە لەسەر بنەمای واقعییەتن بە زۆری دەتوانن ببنە زەمینەیەک بۆ «دەبێت»ـەکان و «دەبێت»ـەکانیش بە زۆری ڕێنیشاندەری واقعییەت و ئەزموونن. بە دروستی ئەم بابەتە بنیادییەیە کە دەتوانێت یارمەتی ئێمە بدات لە تێگەیشتنی ڕۆڵی حەقیقی فەلسەفەی پەروەردە. لەلایەکەوە بەو شێوەیەش نییە کە فەیلەسوف تەنیا لەسەر بنیادی پێشبینییەکانی میتافیزیکی، فەلسەفەیەکی پەروەردەیی دروست بکات و لەلایەکی تریشەوە بەو جۆرەش نییە کە - هەرجۆرە دادوەری کردن و ڕێنیشاندانێک بوەستێت و تەنیا کاری هەر کۆکەرەوە و ئەزموونکراوی گوتەی ئەوانی تر بێت. ڕێگاکە هەر ئەوەیە کە - ئاماژەمان پێ دا - فەیلەسوفی گەورەی دێرین - ئەفلاتوون - کردییەوە و دوای ئەویش پێ و شوێن پێ هەڵگران و ڕێبوارانی زۆر لە ئەرستۆ وە بیگرە تا ڕۆسۆ و کانت و دیوی و یاسپرس پێیدا ڕۆیشتن، کاری ئەمانیش - ئەگەر ڕۆڵی بیکۆن لە بەرچاو بگرین - نە وەک مێروولەکان بوو کە تەنیا خەریکی کۆکردنەوە بوون، نە وەک جاڵجاڵۆکەش کە خەریکی تەنینەوەی دەوروبەری خۆیان بوون، بەڵکو هاوشێوەی مێش هەنگ بوون کە لە شیلەی گوڵان بەرهەمێکی تازە بەرهەم دەهێنن، بە جۆرێکی تر کاری ئەمانە بە هیچ جۆرێک بەو شێوەیە نەبوو کە تەنیا لە بەر ڕۆشنایی هەندێک لە ئەندێشە گشتییەکان و میتافیزیکی لە هەموو زەمینەیەک دادوەری بکەن بەم جۆرە دەربارەی مێژوو و سیاسەت و ژیان و ئایین و هونەر و ئاکار وپەروەردە تیورییەکان بخەنە ڕوو، بێ گومان خودی هزراندن هەر وەک ئەوەی ئەفلاتوون ئاماژەی پێ دا بریتییە لە قووڵ ڕوانی و تێکڕا ڕوانین و بنیادیشی پێش هەموو شتێک هزر و هزرکارییە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەدا فەیلەسووف لە هەر زەمینەیەکدا لە هەر جۆرە دەستکەوتێک بەهرە وەردەگرێت: لە دۆزینەوە زانستییەکانەوە بیگرە تا باوەڕە ئاینییەکان، لە دەسکەوتی شیعر و هونەری جوانی تا هەموو ئەزموونەکانی ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی، هەموو ئەمانەش نەک وەک ئاخنینێک لە کۆمەڵە توخمێکی بەربڵاو و بێ سەر و بەر، بەڵکو وەک کۆمەڵە بەشێکی پێکەوە پەیوەستی یەک گشتی ئۆرگانی و لەگەڵ دسپلینی تایبەت کە ڕووناکی بە هەموو ئەو بەخشین و دۆزراوانە دەدات و واتایەکی تر دەبەخشێت. دەرکەوتنی واتای فەلسەفە بەم شێوەیە، نەک تەنیا دوورمان دەخاتەوە لەو گومانە هەڵەیەی کە هەر جۆرە تێڕوانینێک بە فەلسەفە بژمێرین، بەڵکو ناتەواوی ئەندێشەی ئەو کەسانەش کە لەو بڕوایەدان دەتوانن فەلسەفەی فێرکردن و پەروەردەکردن پەراوێز بخەن و تیوری فێرکردن وپەروەردەکردن لە جێگە دابنێن، نیشان دەدات.

لە ڕوونکردنەوەی ئەم خاڵەدا دەبێ-ت دوو لایەنی جیاوازی فەلسەفەی فێرکردن و پەروەردەکردن لە یەکتری جیابکەینەوە. یەکەم باسکردنی پرسەکانی وەک حەقیقەتی مرۆڤ و مانای ژیان و چارەنووسی ئادەمیزاد، ئەوی تری تێڕوانین لە بارەی فێرکردن و پەروەردەکردن لە مانای سنووردارتر و باسکردنی پرسەکانی وەک ڕۆڵی ئامانج و میتود و بەرنامەڕێژی و بابەتەکانی فێربوون. فەلسەفەی فێرکردن و پەروەردەکرن، لە سنووری واتای

ورد و ڕاستەقینەی خۆیدا ئەو کاتە دەردەکەوێت کە باس لە هەردوو بەش بکرێت، چونکە لەلایەکەوە بەشی دووەم هەمیشە بە جۆرێک وابەستەی بەشی یەکەمە و لەلایەکی ترەوە بەشی یەکەم ئەگەرچی سەربەخۆ و جیاوازە لە بەشەکەی تر، بەڵام بەبێ ئەو کامڵ نییە، یەکێک لەو خاڵە گرنگانەی کە لەم جیاوازییەدا پێویستە سەرنجی بدەین، ئەوەیە کە ئەگەر بەشی یەکەم زیاتر بەهۆی جەخت کردنەوە لەسەر هزرکاری و هەڵسەنگاندنی باوەڕەکان بە پێوانەی هزر، بۆ پێشەوە دەڕوات، ئەوە بەشی دووەم هەمیشە لە مەیدانی ئەزموون نزیک دەبێتەوە، بە تایبەتی لە دۆزینەوە جۆراوجۆرەکان و لێکۆڵینەوە ئەزموونییەکان، بە تایبەت لە قەڵەمڕەوی وەک دەروونناسی و کۆمەڵناسی سوود وەردەگرێت و بە زۆری هەرهەمان تێڕوانینە لە بارودۆخە ئەزموونییەکان و واقعییەتە زانستییەکان کە ئەو ناجۆریانەی لە بەشەکانی تری فەلسەفەدا دەردەکەوێت، بە زۆری لە قەڵەمڕەوی فەلسەفەی فێرکردن و پەروەردەکردندا کەمی دەکاتەوە، ئێستا بە تێڕوانینمان بۆ ئەو جیاوازییە دەتوانین دەربارەی ئەو دوو گرووپەی کە باسمان کردن، بڵێین هەڵەی گرووپی یەکەم لەوە دایە بەهای گرووپی دووەم لە بەرچاو ناگرن و لەو بڕوایەدان تا ئەندێشە پەروەردەییەکان تەنیا لەسەر پرەنسیپە گشتی و فەلسەفییەکان پتەو بکەن، هەڵەی گرووپی دووەم لەلایەکەوە لەوە دایە کە لایەنی یەکەم بە بێ بەها دەژمێرێت و نادیدەی دەگرێت و لەلایەکی ترەوە لە باوەڕی ئەواندا بەکار بەستنی دەرکەوتە ئەزموونی و ڕەوانناسی و کۆمەڵناسییەکان، ئێمە لە تێڕوانینی فەلسەفی بێباک دەکات، بەڵام لەم بارەیەوە پێویستە بڵێین لە بەرچاونەگرتنی لایەنی یەکەم، تەنانەت ئەگەر سیستمێکی زۆر تۆکمەش دروست بکەین، هێشتا هەمیشە ئەو ترسە لە گۆڕێدا هەیە کە هەموو ئەوانە بەلاڕێدا بڕۆن، هەروەک فەیلەسووفی سەردەمی خۆمان – یاسپرس – باسی کردووە ئامرازەکان بە دەرئەنجام بژمێردرێن، کە ئەگەر وەهاش بێت چەق و ناوەندی هەر جۆرە فەلسەفەیەکی حەقیقی پەروەردە، واتە مرۆڤ و بەهای مرۆڤ بە فەرامۆشی دەسپێردرێن، بەڵام ڕوودانی هەڵەی تر بەهۆی بیرکردنەوەی نارێکی ئەوان لە فەلسەفە و نادیدەگرتنی ئەو بابەتەیە کە هزراندن هەمان باسکردنی پرسە بنیادییەکان و هەڵسەنگاندنی بیرمەندانە و ڕوانگەی پێکەوە ڕوانینە لە هەر زەمینە و دەربارەی هەر بابەتێک کە هەبێت. بەم شێوەیە، ئەگەر ئەم چۆنایەتییانە لە گۆڕێدا نەبن ئەوە پێکەوە دانانی دەسکەوتە دەروونشیکاری و کۆمەڵناسییەکان و دەستکەوتە ئەزموونییەکانی تر، کە هیچ کاتێک سیستمێکی ئەندێشەی پێچەوانەی گشت سیستماتیک، کە شایەن ناوێکی بێ هاوتا بێت، سەرهەڵنادات، بەڵام ئەگەر ئەم پێکەوە بەستنە بە جۆرێک بێت کە لە تیشکی قووڵ ئەندێشی لە سنووری تەنیا دۆزینەوە ئەزموونی و بەربڵاوییەکان زۆرتر بڕوات، واتە لەلایەک بەربڵاوی و لەلایەکی تر قووڵ بێتەوە بە جۆرێک بە هەماهەنگی و بێ هاوتای بە ئەنجام بگات، بۆ خۆی دەبێتە هەمان ڕووکردن لە فەلسەفە و هزراندن. ئەو وتەیەی دیوی کە دەڵێت: فەلسەفە هەمان تیوری گشتی فێرکردن و پەروەردەکردنیشە و کەم تا زۆر لە زەمینەیەکی لەو شێوەیەیە، وتەکە هەرچەندە سادە و گوماناوی بێت، بێ مانا و بێ بنیاد نییە. قسەی کۆتایی ئەوەیە فەلسەفەی فێرکردن و پەروەردەکردن – وەک بەشەکانی تری فەلسەفە – پێش ئەوەی وەڵامی پرسیارە دیاریکراوەکان بێت، زەمینەیەکە بۆ هاندانی ئەندێشەکان و کردنەوەی ئاسۆی نوێ و ڕزگارکردنی مرۆڤ لە پێشداوەری و تەنگەبەری، ئەو پێشداوەری و تەنگەبەریانەی کە هەمیشە لە بارودۆخە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی – تەنانەت لە سنووردارکردنە سروشتییەکانی مرۆڤ-ەوە سەرچاوە دەگرن.

**سەرچاوە:**

**گۆڤاری وەرزانەی پژ و هش های تربیتی، ژمارەی بەهاری ١٣٧٤ک.ه، نووسینی: دکتۆر میر عبدالحسین نقیب زادە.**